بەیاننامە 2005 / 07 / 14

قەسبخانەکەی بەغداد بۆ منالآن ، ڕەمزی دڕندەیی تیرۆریستانە کە نزیک بە 100 قوربانی لێکەوتەوە

ئەومەرگەساتەی کە دوێنێ لەبەغداد ڕوویدا، یەکێک لەو کارەساتە تراژیدیا کەم وێنانەیە کە تا ئێستالە ئێراق لەئەنجامی کردەوە تیرۆریستێکاندا ڕویانداوە، ئەم جارەیان زیاتر لە 33 منالّ بێ سەرو قاچ بوون و پارچە پارچەی ئەندامەکانی لەشیان بەحەوادا چوو، منالآنێک کە لە سەرەتای بەهاری تەمەنیاندابوون، بێ ئاگا لە پیلانی نامرۆڤانەی تیرۆیستانی ئیسلامی بەئاگری پەیامی ڕەشی ئەوان سوتان، ئەم جەهەنەمەی تیرۆریستان بۆ منالآنیان خولّقاندووە، کارەساتێکە کە بە هیچ بیانوویەک پاساو نادرێتەوە، منالآنێک کە تەمەنیان لە 6 سالّ تا 13 سالّدان دەبێ چ بیانوو پاساوێک هەبێت بۆ تیرۆر و سوتاندن و بێدەست و قاچ کردنیان، دەبێ ئەم ئینسانە بچکۆلانە کە تەنها چەند سالّێکی کەمەو چاویان بە دنیای پڕ لە ستەم و چەوسانەوە، دنیای پڕ لە شەڕ و بەدبەختی هەلّهێناوە،چ تاوانێکیان هەبێت. بەپێی هەوالّ گریان و قریشکەو هاواری منالآنی دەست و قاچ پەڕیوو لە گەڕەکەکانی دوور لەم ڕووداواوە بیستراوون لەکاتی تەقینەوەکەداو لەکاتێکدا کە منالّەبریندارەکان بەرەو نەخۆشخانەی کندی براون.



هەموو ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە منالآن و خەلّکی مەدەنی بێتاوان و ئەنجام ئەدرێن، دەرئەنەنجامی شەڕێکی خوێناوییە کە ئەمەریکاو هاوپەیمانانی لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە پاشماوەی  دارودەستەی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس و تیرۆریستانی ئیسلامی سیاسی هەلّیان گیرساندووە. بەپێی ئەو هەوالآنەی کە لە چەندین سەرچاوەوە لەمبارەوە بلآو کراونەتەوە، سەرباری ئەوەی کە سەربازانی داگیرکەری ئەمەریکی بەوەیان زانیوە کە ئۆتۆلۆبیلی بۆمب ڕێژکراو لەو ناوچەیە هەیە، کەچی ئەوان منالآنیان لە خۆیان کردۆتەوە بۆ ئەوەی نوقلّ و شیرینیان پێبدەن!! لەو کاتەداو لەکاتی کۆوەبوونی منالّەکەن بە دەوری ئەواندا،ئۆتۆمۆبێلێکی بۆمبڕژێکراو خۆی بەناو ئاپورەی منالّەکاندا کردووەو خۆی تەقاندۆتەوە.
ئێمە لەسەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالآن ئەم کارە تیرۆریسی یە بە توندی مەحکوم و ڕیسوا دەکەین، لەهەمان کاتدا هاوبەشی قولّی غەم و پەژارەی ئازیزان و کەس و کاری ئەومنالآنەین کە بوونە قوربانی،وە هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارارەکان دەخوازین، هەروەها داوا لە یوئن و یونسێف ، ئەمنستی و هەموو ڕێکخراواکانی تر دەکەین کە لەوە زیاتر بێدەنگ نەبن و لە بەرامبەر ئەم کاراساتە پڕتراژیژدیایەدا دەنگ هەلّبڕن.
سەربازانی ئەمەریکی لەهەرشوێنێک بوبن، بوونەتە مایەی بشێوی و تێکدانی ئەمنییەتی خەلّکی، تیرۆریستانی ئیسلامیش بەزۆری ئەوان ئەکەنە ئامانج و بیانووی ئەنجامدانی تەقینەوە خۆکوژییەکانیان.
ئەمەریکای داگیرکەر و حکومەتی ئێراقی هاوپەیمانی ئەمەریکا بەرپرسن لە پاراستنی ئەمنییەتی خەلّک، بۆیە ڕێگاچارەی کۆتایی هێنان بەم تیرۆر و تەقاندنەوەو منالآن و خەلّکی بێتاوان کوشتنانە، کۆتایی هێنان بەداگیرکاری ئێراقە لە لایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانانێ وە، وە دامەزراندنی دەسەلآتێکی علمانی و پێشکەوتنخوازە.

مەرگ و ڕیسوایی بۆ تیرۆریستان
شێرزاد فاتیح
سەنتەری بەرگری لە مافەکەنی منالآن

---


CFBRI
+46 73 57 15 449
www.santarimnalan.com

santarimnalan@yahoo.com
Kontaktperson: Sherzad Fatih
Kontonummeret (postgirot): 39 08 04–3